# هەڵمەتی نیشتمانی کوتان دژی نەخۆشی سورێژه  بۆ گەنجان

**بە مەبەستی بنبڕکردنی نەخۆشی سورێژه (سۆریکە) لە کۆمەڵگەکەمان بەڕێوبەرایەتی گشتی فەرمانگەی تەندروستی هەولێر هەڵدەستێت بە هەڵمەتێکی فراوانی کوتان دژی ئەم نەخۆشیە بۆگەنجان ولاوانی تەمەن ( ١٨- ٢٤ ) ساڵ کچ بن یان کوڕ، کوترابن یان نەکوترابن، ئەم نەخۆشیەیان پێشتر گرتبێ یان ناگرتبێ.**

**ئەم هەڵمەتە لە رێکەوتی ٢٠١١/١١/٢٧ دەست پێ دەکات وبۆ ماوەی ١٠ رۆژ بەردەوام دەبێت.**

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بەم ژمارە مۆبایلەوە بکە: (٠٧٥٠١٩١١٩١٧) یان سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە: (www.facebook.com/surezha).**

لاوی بەڕێز:

بەشداریکردنت لەهەڵمەتی کوتان دژی سورێژە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشمانیە

هەڵمەتی کوتان دژی سورێژە لە رێکەوتی ٢٧|١١|٢٠١١ دەستپێدەکات و بۆ ماوەی (١٠) رۆژ بەردەوام دەبێت و گشت ئەو لاوانە دەگرێتەوە کەتەمەنیان لەنێوان ١٨ تاوەکو ٢٤ ساڵیە کوڕ بن یا کچ، کوترابن یان نا

قوتابی خۆشەویست ....... گەنجی بەڕێز:

بەهاوکاری و بەشداری ئێوە لەم هەڵمەتە نەخۆشی سورێژە لەکۆمەڵگاکەمان بنبڕدەکەین

دایك و باوکی بەڕێز:

گەر رۆڵەکانتان تەمەنیان لەنێوان ١٨ بۆ ٢٤ ساڵیە هانیان بدەن تا سەردانی بنکە تەندروستیەکان بکەن و خۆیان بپارێزن لەنەخۆشی سورێژە

قوتابی بەڕێز:

تەندروستیت سەرمایەیەکی گرینگی تۆ و وڵاتەکەتە، خێراکە بەشداربە لەهەڵمەتی کوتان دژی سورێژە بۆ ئەوەی ئەم سەرمایەمان لەدەست نەچێت

قوتابی ئازیز ...... لاوی وڵات:

بەشداریکردنت لەم هەڵمەتە زامنکردنی دوارۆژێکی تەندروستە بۆ خۆت و هاوڕێکانت

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی تەندروستی
فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
بەشی پاراستنی تەندروستی

# تۆی سەرمایە و داهێنەر
# هاوکارمان بە لە پاراستنی تەندروستیت



## هەڵمەتی نیشتیمانی کوتان دژی سورێژە بۆ لاوانی تەمەن ١٨ ـ ٢٤ساڵ



٢٧ / ١١ / ٢٠١١

بۆ دە رۆژ بەردەوام دەبێت

**خۆ پاراستن لە م نەخۆشیە :**

بە وەرگرتنی ماکوتەی دژی سورێژە دەبێت ، بە شێوەی دەرزی لە ژێر پێست دەدرێت .

**ڤاکسین یاخود ماکوتەی سورێژە چی یە ؟**

بریتیە لە ڤایرۆسێکی زیندووی لاواز کراو ، لە ڕێی کوتانی لە ناو لەشی مرۆڤەوە دەچێتە ناو لەش و خڕۆکە سپیەکان هەڵدەستن بە کۆپی کردنی ناوکی ڤایرۆسەکە و ناسینەوەی لە داهاتوودا ، بەم جۆرە بەرگری لەش مرۆڤ دژی ئەم نەخۆشیە دروست دەبێت .

لە ساڵی ١٩٦٣بۆ یەکەم جار ماکوتەی دژی سورێژە دروست کرا.

**تێبینی :**

١– ئەوەی یەکجارلە ژیانیدا تووشی ئەم نەخۆشیە ببێت ، جارێکی تر تووشی نابێتەوە .

٢– وا چاکە ئەگەر کەسێك جارێك کوترا ،؟ بۆ جاری دووەم ژەمی پاڵپشتی وەربگرێتەوە .

**لەبەر چی ئەم هەڵمەتە ؟**

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ئەنجام دراوە لەسەر گەنجانی کوردستان کە تەمەنیان لە نێوان ١٨ – ٢٤ ساڵانە ، دەرکەوتوە کە بەرگریان بەرامبەر بەم نەخۆشیە لاوازە و پێویستیان بە بەهێز کردنی سیستەمی بەرگری هەیە دژی سورێژە ، بۆیە بە بەشداریکردنتان لەم هەڵمەتە خۆتان و کۆمەڵگەکەتان لە داهاتودا لەم نە خۆشیە دەپارێزن .

وەرگرتنی ماکوتە ( ڤاکسینی ) تایبەت بەم نەخۆشیە ، لە ژێر پێست لە قۆڵی چەپی دەدرێت .

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی تەندروستی
فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
بەشی پاراستنی تەندروستی



هەڵمەتی نیشتیمانی کوتان دژی سورێژە بۆ لاوانی تەمەن ١٨ ـ ٢٤ ساڵ

٢٧ / ١١ / ٢٠١١

بۆ دە رۆژ بەردەوام دەبێت

**سوورێژە**

بریتیە لە نەخۆشیەکی گوازرا وەی توندی بەربڵاوە ، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڤایرۆسێك لە جۆر و گرووپی پارامیکسۆ ڤایرۆس (paramyxo virus) . تاکو ئێستا جگە لە مرۆڤ لە نێو هیچ گیانداریك نەدۆزراوەتەوە ، ئەمەش وا دەگەیەنێت کە مرۆڤ تاکە خانە خوێی ئەم ڤایرۆسەیە .

ئەم نەخۆشیە لە ساڵی ٩٠٠ز لە شاری بەغداد لە لایەن پزیشك و فەیلەسوف ئەلرازی دۆزرایەوە .
ئەم ڤایرۆسە زیاتر تووشی منداڵان دەبێت و زۆر بە خێرایی تەشەنە دەکات بە تایبەت لە نێو منداڵانی تەمەن ٢ – ٥ساڵان .
- لە ساڵانی زوو دەبوە هۆی مردنی هەزاران منداڵ
- لە ساڵی ٢٠٠٠بوە هۆی مردنی ٢٤٢٠٠٠منداڵ
- لە ساڵی ٢٠٠٧بوە هۆی مردنی ١٩٧٠٠٠منداڵ
- لە ساڵی ٢٠٠٨بوە هۆی مردنی ١٦٤٠٠٠منداڵ



- بە هۆی ماکوتەی دژە سورێژە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ – ٢٠٠٨ڕێژەی مردن بە سێ لەسەر چوار کەم بووەوە لە نێو تووشبوان بەم نەخۆشیە .

**ئایا گەورە تووشی ئەم نەخۆشیە دەبن ؟**

ئامار و زانیاریەکان ئەوە دەردەخەن کە گەورەش تووشی ئەم نەخۆشیە دەبن ، بە تایبەت گە نجان و لاوان بە تایبەت ئەگەر لە منداڵی نەکوترابن یاخود تووشی ئەم نەخۆشیە نەبوو بن ئەوکات نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە لەتەمەنی سەرووی ٢٠ساڵی زۆر توند تر بە دەردەکەوێت وەك ئەوەی لە منداڵاندایە .



**چۆن ئەم نەخۆشیە دەگوازرێتەوە :**

ئەم پەتایە لە ڕێگەی پژمین و کۆکە و بەریەککەوتنی راستەوخۆ و نا راستەوخۆ (دەست دان لە شتوومەکی تووش بوو ) دەگواسترێتەوە لە یەکێك بۆ یەکێکی تر . کەسی بەرکەوت لە (٥) رۆژی یەکەمی بەرکەوتنی و (٥) رۆژ دوای دەرکەوتنی پەڵەی سوور لەسەر جەستەی ، کەسانی تر تووش دەکات .

**نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە :**

دوای (١٠) رۆژ لە لە هاتنە ناوەوەی ئەم ڤایرۆسە بۆ ناو لەشی مرۆڤ نیشانەکان دەست دەکەن بە دەرکەوتن کە ئەویش ئەمانەن :



١– بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی تا دەگاتە (٤٠) پلەی سەدی و هەلأمەتێك (پەسیو) یکی توند و کۆکەی لەگەڵ .
٢– سووربوونەوەی چاوەکان .
٣– بەدەرکەوتنی پەڵەی سپی لە ناو دەم .
٤– دەرکەوتنی پەڵەی سوور لەسەر پێست لە رۆژانی چوارهەم و پێنجەمی تووش بوون ، و سەرەتاش لە پشت گوێیەکان دەردەکەون و پاشان بلأو دەبێتەوە لە شوێنەکانی تری لەش .

**دڕژانگەکان (مضاعفات) ی ئەم نەخۆشیە :**

١– هەوکردنی ناوەوەی گوێ .
٢– هەوکردنی بۆری هەناسە و سیەکان .
٣– هەوکردنی مێشك (encephalitis) .

**چارەسەری :**

١– حەسانەوەی تەواو تاوەکو ( تا )کە دادەبەزێت .
٢– پێدانی ڤیتامین (A) کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن لە نێو تووشبوان بەم نەخۆشیە .
٣– دوور کەوتنەوەی کەسانی تر لە بەرکەوتوو تاوەکو تووشی نەخۆشیەکە نەبن



٤– شلەمەنی وەرگرتن لە گەڵ کز کردنی رووناکی بۆ ئازارنەدانی چاوی تووش بوو بە سورێژە .
٥– هەوا گۆڕکێ کردن لە نێو ژوورەکانی ماڵ ، بە تایبەت ژووری تووش بوو .
٦–بە کار هێنانی دەرمانی ( کالامین ) بۆ کەمکردنەوەی خورشت ، ئەگەر خورشتەکە کپ نەبوەوە ئەوا دژە خورشت و هەستیاری بەکار دەهێنرێت .
٧–پێویست بە دژە تەن ناکات چونکە نەخۆشیەکە ڤایرۆسیە ، جگە لەوە نەبێت دژە بەکتریا دەدرێت بۆ خۆپاراستن بۆ هەوکردنی گوێی ناوەڕاست ، یا خود سیەکان .